# حیزبە سیاسییەکان و گۆڕینەوەی بەرپرسیارێتیی مەدەنیی

کۆلین شیهان
لە عەرەبییەوە: رامان مەحمود



**پێشەکی:**

ئایا حیزبە سیاسییەکان هیچ پەیوەندیەکیان بە حکومەتێکی تۆکمەی دیموکراسییەوە هەیە؟ یان سووك و ئاسان بوونەتە مەیدانی پێکهێنانی ئاسۆکانی سیاسەتی هێز و تەگبیرکاریی فریودەرانە. خەڵکی هاوچەرخی ئەمریکا بەلای بۆچوونی دووهەمدا دەچن و پێیانوایە سیاسەت کارێکی قێزەونانەیە و زۆرینەی سەرکردە سیاسیەکان کە بە "سەرۆك" ناودەبرێن کەسانێکی سووك و ریسوان. هاوکات پێدەچێت رێگەی کاری سیاسیی حیزبەکان قەڵا ئاسا داخرا بێت و ئەو حکومەتانەیش حیزبەکان دروستی دەکەن گەورە بەڵام بێهەستن.. کەواتە هاووڵاتی ئاسایی لە ئاستی ئەو دەوڵەتە ستەمکار و ناکردەییەدا چیی لەدەست دێت؟ بەو شێوەیەش کەشتیی بچکۆلەی ژیانمان بە تووڵەرێ سەختەکانی سیاسەت و بیرۆکراتیدا دەڕوات و هەڕەشە و مەترسی بۆسەر ژیانی خۆمان و خانەوادەکانمان دروست دەبێت و بەشێکی زۆری کات و وزەمان بەهەدەردەبرێت، ئەمە گەشتی ژیان و کۆت و بەندە دیارەکانی دەریای شەپۆلانی سیاسیی ساڵانی نەوەدەکان بووە، کەواتە بۆچی دوچاری ئەم تەڵزگەیە هاتووین و چۆن لێیدەرباز دەبین؟

*** سەرکوتکردنی بەرپرسیارێتیی مەدەنیی**

هۆکاری ئەو مەترسی و هەڕەشەیەی رووبەڕووی هاتووینەتەوە، زیاد لە سنوور پەلراکێشانی حکومەتە ئەگەر بە هەندەکییش بێت. پەلراکێشانی حکومەت بەتایبەتی لە دەیەی شەستەکان و زیاتر کۆنترۆڵکردنی ژیانمان، مێژووی حکومەتێك بووە خۆی بە سەروەرمان داناوە لە بریی ئەوەی خزمەتگوزارمان بێت، بۆیە نابێ بەوە فریو بخۆین کە زیاد لە پێویست پەلکێشانی حکومەتی نەتەوەیی زادەی دابەزینی دەسەڵات بووە لە ئاستی ویلایەتەکاندا بێت، یان لە ئاستی ناوخۆیی.

مەترسیی حکومەتی سەرپشککراو بە دەسەڵاتێکی زۆرەوە تا ئاستی هەڵایسانی دەسەڵات تاکە هۆکاری ئەو قەیرانە نییە کە لە ئێستادا هەڕەشەمان لێدەکات، چونکە حیزبە سیاسیەکانی وڵات و دۆخی گەندەڵیی سیاسی هاندەری ئەو ڕەوتە رووخێنەرەی زیادبوونی دەسەڵاتی حکومەتە و ئەوەیش زیانێکی زۆری بە ژیانی سیاسییمان گەیاندووە. ئەوەی ئێستا تووشی هاتووین هەر تەنها سەرکوتکردنی رۆحی گەلێکی ئازاد و بەشداریی دیموکراسیانە نییە، بەڵکو سەرکوتکردنی هاووڵاتیبوونە، کەواتە دەبێ هێندەی لۆمەی حکومەتە گەورەکانمان دەکەین هێندەیش لۆمەی حیزبە سیاسیەکان بکەین، چونکە ئەوان بەشێکن لە کێشەکان لەبریی ئەوەی بەشێك بن لە چارەسەر، کە ئێمە ئومێدی ئەوەمان هەیە بە پێچەوانەوە بن. دیدی خەڵکی بۆ ژیانی دیموکراسی زۆر فراوانترە لە دارشتنی سیاسەتی حکومەتی و جێبەجێکردنی، ئەو دیدە لە ژیانی رۆژانەی ئاکاری مەدەنیی هاووڵاتیان و شێوازی ژیانیانەوە دەستپێدەکات و کۆتاییشی دێت. ئێمە لە ڕێی پەیوەستی و هاوبەندیمانەوە بەیەکترەوە یەکتری دەناسین و حکومەتیش گوزارشتی بنچینەیی قووڵنییە لە دیدمان بۆ دادپەروەری، چونکە حکومەت ڕواڵەتێکی سەرئاسۆییە بۆ هەموو ئەوانەی لە هەموو شوێنێکدا روو دەدەن..یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانیش لاوازبوونی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە، هەرچەندە زۆریشن بەهۆی دەسەڵاتی بەرفراوانی حیزبە سیاسیەکانەوە.

*** شکستی رۆڵی حیزبە سیاسیەکان**

هەر بیرکردنەوە لەوەی حیزبی سیاسی ببێتە ئامرازی دروستکردنی رای گشتی بۆ خۆی رەچەتەیەکی کۆماریە و لەمڕۆدا بوونێکی کردەیی نییە، بەڵکو حیزبە سیاسیەکان ناتوانن لە ئەمریکادا رۆڵی مەدەنیی‌انە بگێڕن و بە دوو هۆکارەوە نائومێدیان کردین:

– حیزبمان هەیە بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی بە گرنگ نازانێت و پێیوایە دامەزراوە شەرعیەکانی حکومەت دەتوانن چارەسەری هەموو کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە بکەن. ئەمەیش بچووککردنەوەی رۆڵی هاووڵاتی دەگەیێنێت، تا ئەو رادەیەی دەیکاتە دەنگدەرێك و ئیدی بەشداربوونی لەگەڵ کەسانی تردا هیچ بایەخێکی نامێنێت، تەنها ئەوە نەبێت لە سورمێنی رێسا سیستماتیك کراوەکاندا هانا بۆ حکومەت ببات.

– حیزبەکەی تر پێیوایە دەبێ ئێمە بەو شێوەیە نەڕوانینە حکومەت کە دەرمانی هەموو دەردە کۆمەڵایەتیەکانە.. زۆریش لە تاکەکانی ئەمجۆرە حیزبە پەنایان بۆ رەتکردنەوە دا و سەرکەوتنی راستەقینەیان بەدەستنەهێنا. خەڵکی تەنها بۆ وتنی وشەی "نا" ئەو نایە بە حکومەتێکی گەورە ناڵێن، بەڵکو بە هۆکارێکەوە دەنگی "نا" و نارەزایی بەرز دەکەنەوە. تەنها حکومەتی دەسەڵات سنووردار دەتوانێت هەلومەرجی پێویست بۆ پاراستنی ئازادیی هاووڵاتیان دەستەبەر بکات

**ئەو حیزبە سیاسیانەی تەنها خەمی فراوانکردنی دەسەڵاتی حکومەت و خاوەندارێتیەکانی حکومەتدان، شکستیانهێناوە لە پاراستن و هاندانی ئازادیی تاکەکانیدا کە ئەو ئازادیە مەرجی مانەوەیانە**

و برەو بە دۆزی ئازادییان بدات..ئەمە وێڕای ئەوەی دۆزی ئازادی بەردەوام روونکردنەوە، بەرگری لێکردن، قسە لەبارەوەکردنی دەوێت. وەڵامی پرسیاری ئامانج لە ئازادیمان چیە دەبێ حیزبە سیاسیەکان بیدەنەوە و وەڵامنەدانەوەی ئەوە دەگەیێنێت ئەو حیزبە سیاسیانە بەهیچ جۆرێك لە ئاست بەرپرسیارێتی مەدەنییدا نین. ئەو حیزبە سیاسیانەی تەنها خەمی فراوانکردنی دەسەڵاتی حکومەت و خاوەندارێتیەکانی حکومەتدان، شکستیانهێناوە لە پاراستن و هاندانی ئازادیی تاکەکانیدا کە ئەو ئازادیە مەرجی مانەوەیانە. دیارە ئەم حاڵەتەیش دەستبەرداربوونە لە ئامانجی بنچینەیی حیزبی سیاسی، کە دواجار دەبێتە هاندەری حکومەت بۆ وەبەرگرتنی رەوتێکی دوور و جیا لە رەوتی هاووڵاتیان و دەرەنجامیش بێتوانایی خواستی جەماوەری و سەرهەڵدانی هەستی نائومێدی و بێهوودەیی هەوڵە جەماوەریەکان دەبێت.

### * پێویستیی چاوخشاندنەوە بە ئاکارە مەدەنییەکان

لە سایەی ئەو دۆخە ناهەموارەی بە وڵاتماندا تێدەپەڕێت، پێویسترین کارێك بیکەین چاوخشاندنەوەیە بە ئاکاری مەدەنیانەماندا..ئەگەر مەودایەکیش هەبێت بۆ سەرکەوتن لەوەدا، بێگومان دەکەوێتە سەر دڵسۆزی و دلێری و هۆشیاریی و دەستبەرداربوون لەو بێتواناییەمان کە بۆتە مۆدێلی ژیانی رۆژانە.

وەك شارەزایەکی بواری سیاسەت، پێموایە سیاسەتکردن دەستوەردان نییە لە بچووکترین خواستەکانی خەڵکی و بەدەستهێنانی دەسەڵات و نەمریی ساختە، بەڵکو سیاسەت هەوڵێکە بۆ دانانی ئەو مەرجانەی بوارمان بۆ دەرەخسێنن مانایەك بەم ژیانە کورتەمان ببەخشین و بە دادپەروەری و رێزەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەین و هیوای راستەقینە بەو گەنجانە بدەین کە رۆحیان شەیدای زۆر زیاترن لە گەمەکانی دەستبەتاڵی.



**سەرچاوە:**


- بناء مجتمع من المواطنين، المجتمع المدنی فی قرن الحادی و العشرین، دون ای ایبرلی، ترجمە: هشام عبدالله، 2003